# ساڵی کەوشخوارەکانە ئەی خاک

دەوەن

ئەم دێڕانە پێشکەش بێت بە گەڵاکانی ژێر زامەکانی یادەوەریم بە ( ترێ و داریان و حیکمەت و جەمالە رەش )

تۆ ئەی خاک لە زەمانی ئادەم و حەواوە

وەکو ئازارێک لە نێوانی دەست و پەنجەی رۆژگارایت

رۆژێک لای فاڵچییەکی درۆزن پاڵکەوتوییت و

بە دەم خەمەکانتەوە گینگڵ دەدەیت

لە ژێر لێفەیەکی چوار کونا خۆت گرمۆڵە کردووە و

لە کونەکانییەوە خوێن و زامت لێ دەچۆڕا

لە ئێوارەیەکی پەمەییدا و بە رێکەوت خۆت خزاندە

ناو پەرتووکەکەی زەردەشتەوە و

شەوانە لە ئاتەشگەدات بە گڕی ئاهورامەزدا

خۆت گەرم دەکردەوە

هەر لەوێو و لە خۆرنیشینا

کەوتیتە نێوان دەست و پەنجەی عۆریانەوە

شەوانە بە دەم هەنسکی مۆم و رژانی پێکی شەرابەوە

خەو دەیبردیتەوە

لە ژێر وێنەی رنووی فرمێسکەکانتا
پرچە سووتاوەکانت بە شیعر شانە دەکرد و
بە بۆنی بوغورد خۆت دادەپۆشی
بەیانییەك نەبوو دەستی سڵاوێك بەرز کەیتەوە
بۆ نەوەکانی ژێر ساباتی ژان وبرین
ئێمە هەموومان بانگمان کردیت و
دەستمان بە سنگەوە بۆ گرتیت
بۆ خاتری ئەوەی گۆچانەکەی دەستت ماچ بکەین و
ئێوارەیەك لامان بمێنیتەوە
وەلێ ئەفسوس تۆ هەنگاوەکانت بە خێرایی هەڵهێناو
ئاوڕێکت لێ نەداینەوە و
دیژلەمەیەکت لەگەڵمانا نۆش نەکرد
دەوەرە توسەری ئەولادە بەخشندەکانت
دەنکێ هە نجیر لە گەڵمانا ئاودیو بکە
ئەوە تۆ بۆ ئەوەندە لووت بەرزی ئەی خاك؟
هێندە بێزار بوویت وەڵامی زارۆکەکانیشت نەدایەوە
بانگیان کردیت بە خێرایی رایان کرد بە شوێنتا و هانایان بۆ هێنایت
هەر بۆ خاتری ئەوەی حیکایەتێکی تازەمان

له نه‌وه مێرخاسه‌كانت بۆ بگێڕیته‌وه

هێشتا خۆر له‌سه‌ر سفره‌ی به‌یانیمان میوان بوو

تۆ هه‌ر نه‌هاتیت

باڵنده‌كانیش بۆیان جریوانیت و

له نه‌هاتنی تۆ تۆران له ساباط و له ده‌نگی شنه‌ی بای به‌یانیان و

له ده‌مه‌قاڵه‌ی ئێمه

خۆزگه ئه‌ی خاك له ئێمه و له باڵنده‌كانت ده‌ڕوانی

تا بتبینیایه چۆن په‌ڕوباڵی شالووره‌كان

وه‌كو گه‌ڵای پایز

ورد ورد هاتنه خوارێ و

به‌ختیان یار نه‌بوو له هه‌نگاوه‌كانت

ئه‌وه هه‌ر ئێمه‌ین له تۆ زویر نابین و هه‌ر مه‌زنمانیت

ئه‌وه هه‌ر ئێمه‌ین

له یاداشته‌كانی یاده‌وه‌ریمانا

ناوت له درێژی یه‌كه‌میندایه

ئه‌ڤه هه‌ر ئێمه‌ین له هه‌نگاوه‌كانت دوور ناكه‌وینه‌وه

هه‌ر دێین و به شوێنتا كۆڵان كۆڵان بۆت ده‌گه‌ڕێین

تا سه‌رو ماچی مێزه‌ره‌كه‌ت بكه‌ین

## مێزەری تۆ ئەی خاك

ڕۆژێ بۆنی داری عوود و ڕۆژێ بۆنی خوێن و
ڕۆژێ بۆنی باڕووت و ڕۆژێ بۆنی تاوانی لێ دێت
ئەوە هەر ئێمەین شوکرین بە بینینت ئەی خاك
ئەوە هەر ئێمەین ئولفە تمان بە تۆوە گرتووە ئەی خاك
تۆی مێزەر خوێناوی و پشتێن پان و چۆغە چڵكن
شەوێك دەبیتە میوانی ماڵە خائینێك و
ڕۆژێك لەسەر تاتەشۆری مزگەوتێك
شەهیدێك دەشۆی
ئێوارەیەك دێیت و
لارە لارە بە خۆت و گاڵۆکەکەتەوە سەرخۆش سەرخۆش
هەنگاو دەنێیت و بۆنی عارەقت ڕۆژە ڕێیەك دەڕوات
هەندێ جار دەبیتە گیتارژەنێکی هەرزەکار و
ئاوازی ناشاز دەژەنیت
کاتژمێرێکت لە دەستایە شکاو
مەگەر هەر خۆت بزانی کات چەندە
نیوەڕۆیەك لا دەیتە شارێکی گومان و
کەسێ نییە دەرگات لێ بکاتەوە

هاودەمێ نییە ئەو خاچەت لە کۆڵ کاتەوە
ئەی خاك هێندە دڕکی کوڕە کەوشخوارەکانت چزا بە پە نجەمانا
هەرچی بۆنە خۆشەکانی باخی عومرت هەبوو
لە بیریان بردینەوە
بەڵێ کوڕە کەوشخوارەکانت و هەر ئەوان
هێشتا تۆ نەبوو بوویت
بە رۆژی نیوەڕۆ گیرفانەکانتیان بڕی و
بۆ گوناهەکانی خۆیان
واژۆی تۆیان دزی و
لە لا پەڕە مێژووییەکاندا
روویان زەرد کردی
کەچی تۆ نوزەیەکت لێوە نەهات
هەر ئەوان و بەڵێ کوڕە کەشیشەکانت
جامۆڵەیان پڕ لە ژەهر کرد و دەرخواردیان دایت
تۆش بە تەزبیحە ئەبلەقەکەتەوە
هەر خەریکی تەزبیحات بوویت و
واتدەزانی بە دۆعاکردن ماڵەکەت ئاوا دەبێتەوە
ئاخر گەورەم کێ دیویەتی

ماڵێك پڕكەن لە خوێن و گەروویەك پڕكەن لە باروووت و

شەقامێك ڕەنگڕێژكەن بە خوێنی كچەكانت

یەكە یەكەی پەنجەی كوڕە بەخشندەكانت ببڕنەوە

سەرپۆشی دایكی كوڕەكانت بە دوژمن ببخەشن

كراسەكانیان بكەن بە تەوێڵی ماشێنەكانیانەوە و

سروودی سەركەوتن بڵێنەوە

ژیان تروسكاییەكە بۆ هیواكان

گەر تروسكایی و هیواكان نەبێت

ژیان مۆمێكی كزەڵەیە

بە فووی كەوشخوارێك دەكوژێتەوە

ئەوە ئێشی نەوە كەشیشەكانت بوو

جوانییەكانی تۆیان هەڵكڕووزان و

هەموو هیواكانی تۆیان لەتوپەت كرد و

بە جوانییەكانی تۆ بەهەشتێكیان بۆ خۆیان

ڕازاندەوە و

تۆیان تووڕ دایە گەرووی مەرگەوە

هەر تۆ ئەی خاك

كەشتی نوحت لە نوقوم بوون قووتار كرد

وەلێ تا ئێستا نەتوانی
خۆت لە کوڕە کەوشخوارەکانت رزگار بکەیت
کوڕێکی شانۆکارت زام و خەمەکانت لەسەر شانۆ
نمایش دەکات
کەچی تۆ ناڕازیت
کوڕێکی شێوەکارت هەرچی بەژنەباڵای تۆیە
رەنگڕێژی دەکات لە تابلۆیەکتدا
بەڵام تۆ ناڕازیت
کوڕێکی دەنگخۆشت هەموو برینەکانت بە لای لایە دەلاوێنێتەوە
بەڵام تۆ هەر ناڕازیت
کوڕێکی شاعیریت
بە شیعر هەرچی مێژووی تۆ هەیە دەینووسێتەوە
بەڵام ئاخ، تۆ هەر ناڕازیت
کوڕێکی رۆماننووست
گشت کارەساتەکانی تۆ دەخوێنێتەوە
کەچی تۆ هەر ناڕازیت
کوڕێکی کەوشخوارت
هەموو ئەم کوڕە عاشقانەی تۆ

یەك یەك دەكوژێ
كەچی تۆ بێدەنگ و شوكریت
لە ئێوارەیەكی خۆرنشینا و
هێشتا مێردمنداڵ بووم
دەنكی ترێی پایزانەت نایە ناو دەستمەوە
لەو حەلەوە ئەو دەنكە ترێیە لەناو دڵمایە و
بۆ هەر كوێ بچم لەگەڵمایە و
شرینتر لە شیعری گۆران و
بێگەردتر لە سەرچاوەی تاڤگەكان و
قەشەنگتر لە وەرزی پایز و گەڵاكانی
خۆشەویستتر لە بارانی ئێوارانی شارەكەم
تنۆكە ئاوی دەنكە ترێكەم
هەموو بەیانییەك دەڕژێتە سەر لێوی حەزم و
لە خەو خەبەرم دەكاتەوە!
پرسیاری من لە ئاو و لە خاك
دەمخاتە ناو تامی دەنكە ترێكەمەوە و
تێر تێر لەزەتی خۆیم دەداتێ و
تەژیم دەكات لە پرسیاری سروشت و

لە جوانی ترێ و گەڵاکانی
ئەم وڵاتی دارمێوە
هەموو رۆژێك بچووك دەبێتەوە
وەکو سندوقی پۆستیماڵەکەم
کورتتر دەبێتەوە
وەکو قاچەکانی حیکمەتی برام
کە لە ژێر رەحمەتی ئینسانی بووندا
بەبێ پرسیار
بە تۆبزی کورتییان کردەوە
لێرە هەموومان وەکو روخساری گەڵاکانی پایز
رەنگمان زەرد و جەستەکان خەڵتانی ون بوونە
لەناو خەیاڵی سروشتا
ون بووین لەناو گوناە و تاواندا
لەناو خەیاڵی کورد بووندا
لەناو رۆحی خاك پەرستندا



هەزاران ساڵە ئەی خاک

خوێنت پێ دەبەخشین

ڕۆح دەکەین بە ملوانکە و

لە گەردنی دارسێوەکانتی دەدەین

ئەرێ قوربان تێر نەبووی

لە تامی خوێن؟

لە خوێنی کوڕە بەخشندەکانت

لە خوێنی کچە عاشقەکانت؟

بەسیەتی قوربان

مێزەرو چۆغە و پشتێن و

پێڵاوەکانیشت

خوێنی لێ دەچۆڕێ

دە پێم بڵێ ئەی خاک

تۆ کەی تێر دەبیت؟

لە خوێنی نەوە بە خشندەکانت ... کەی؟!

تێبینی :

تابلۆی یەکەم هونەرمەند ئاری بابان

تابلۆی دووەم هونەرمەند کەمال عەلی